# داوایەك بۆ سەرۆكی حكومەت و ئەنجومەنی وەزیران تكایە بیخوێننەوە.

بەڕێزان لایەنە بەرپرسەكان ئێمە كاتێك لە زانكۆ بووین هیواو

ئاواتمان بە ژیان و خزمەتكردنی نیشتمانەكەمان زۆر بەهێز بوو هەر هەموومان دەمانەویست خوێندن و خوێندەواری بكەین بە چەكێك و ولآتەكەمانی پێ ئاوەدان بكەینەوەو دواكەوتەیی كۆمەلآیەتی ئەو كۆمەڵگایە بگۆڕین بە پێشكەوتن و گەشەسەندنی ئابوری و كۆمەلآیەتی ، بەلآم بە داخەوە بە دامەزراندنمان لە ناو دەزگاكانی حكومەت هەموو ئەو هیواو ئاواتانە بونە سەرابوو قوربانی عەقلێەتی پیرو خەڵكێكی نابەرپرس و ناهۆشیار بەرامبەر بەو میللەتە كە زۆربەی ئەوكەسانە لە لایەن حیزبەوە ڕەوانەی ناو حكومەت كراوون ، ئێمە زۆر دەمانەوێت لەو بارو ڕەوشەدا دان بەخۆماندا بگرین و خزمەت كاری میللەتەكەمان بین بەلآم كاتێك ڕەفتار كردنی نابەرپرسان و نەخوێندەواران دەگاتە ترۆپك بەسەرمانەوە ئەوە هیچ تواناییەكمان نامێنێت.
سەرەڕای ئەوەی كە ئێمە 16 ساڵ خوێندومانە بە نەبونی و لەبەر دەم چراو فانۆسەوە كەچی موچەكەمان هەر ئەو دەرماڵەیەیە كە لە زانكۆدا وەرمان دەگرت ، ئێمە داوای موچە بەرزكردنەوە ناكەین چونكە موچەكەمان كەمتریش بێت لەوە ئێمە هەر ئامادەین خزمەت بە میللەت و نیشتمانەكەمان بكەین ناشمانەوێت بە بەرزكردنەوەی موچە بێدەنگانە لەبەرامبەر بەو هەموو ناعەدالەتیە چاوبپۆشین داوای ئێمە لە ئێوە ئەوەیە كە ئەو هەموو خەڵكە نەخوێندەوارو نا هۆشیارو عەقڵ عەسكەریە كە كردوتانەتە مودیر و ڕاوێژكارو هەموو ڕۆژێك وەك و زەڕە زەڕی كەر بێ گوێندانە هەست و شعوری مرۆڤانە بەسەرماندا دەقیژێنن و ئێمە بەبەردەستی خۆیان دەزانن كە هۆكارەكەی ئێوەن كە موچەكانیانتان بە پاڵپشتی حیزبی و بەرزكردنەوەی پلەی ناشیاو گەیاندوەتە ملیۆنێك دینار تكایە ئێمە چیدیكە تاقەتمان نەماوەو وا بەو بانگەوازە ئاگادارتان دەكەینەوە كە ئەگەر بێت و هەر لەو ڕەوشەدا لە نێو دەزگاكاندا بمێنینەوەو ئاوا دەرچوانی زانكۆ لە پەراوێزدا دابنێن و خەڵكێكی نەخوێندەوار بكەن بە فیرعەون بەسەرماندا ئەوە ئێمە لە بەانگەوازێكی دیكەدا ناوو  شوێنی خۆمان ئاشكرا دەكەین و هەموومان واژوی ئەوە دەكەین كە لە ڕێپێوانێكدا بۆ بەردەم پەرلەمانی كوردستان بڕوانامەكانمان دەسوتێنین و دەبین بە یاخی ترین گەنجی ئەو كوردستانەو چاومان نە فێركردنی شەقامەكان نە هیچ پرۆژەیەك دەبینێت تكایە بەدەم ئەو داوایەمانەوە بێن و هەركەسێك كە بڕوانامەی زانكۆی نیە مەیكەنە كەڵەگا بەنێوی ڕاوێژكارو مودیرەوە.

كۆمەڵێك فەرمانبەری دەرچوی زانكۆ
17/5/2006